# ئیستراتیجیتی ئەمەریکی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کورددیدا

**جەزا چنگیانی**



یەکێك لە هەرەگرنگترین بنەماکانی پاراستنی کەسایەتی و قەوارەی نەتەوایەتی.سەروەری نەتەوایەتی (سامانی سروشتی ومروی)یە وهیزیکە دەبیتە کۆلەکەی پتەوی چەتری پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی و قەوارەی نەتەوایەتی.(سەروەری نەتەوایەتی و ئاسایشی نەتەوایەتی) (National Sicherheit)یانی پاراستنی هەرچوارلای چوارچیوەی پیکهینەرەکانی (قەوارەی نەتەوایەتی).

١) نیشتمان (سنوور)
٢) کولتور
٣) سامانی سروشتی
٤) ئازادی نەتەوایەتی

نەخشەی لیدان و لاوازکردنی دەسەڵاتی سیاسی ئاوزانە ڕادیکاڵە ناسیونالیستە عەرەبەکان و وەرگرتنی جڵەوی پترۆلی ناوچەکە و لاوازی هیزی بەرنگاربوونەوەی عەرەبی بەرامبەر بە ئیسرائیلی هاو جووتی ئەمەریکا، دەگەریتەوە بۆ نەخشەیەك کە کۆنە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکی بەرەگەز ئەڵمانی و بە ئاینزادە جولەکە (هینری کیسنجەر)لە سالی ١٩٧٥ کێشای * ١.پیش ئەم دیرۆکەش لە سەر و دەمی دوا هەناسەی پیاوە نەخۆشەکە (دەسەڵاتی عوسمانی)دا و دواجار دۆزینەوەی پترۆل لە کوردستاندا و قۆرخکردنی لە لایەن ئینگلیز و فرەنسیەکانەوە و دروستکردنی یەکەم کومپانیای پترۆل کە لەسەر پترۆلی کوردستان دروست بوو بەناوی (کومپانیا پترۆلی تورکی)یەوە لە نیوان (ئەلمانیا و ئینگلیز وهولەندا و کۆبلگیانەوە)و دابەشکردنی کوردستان بەم شیوەی ئیستا، ئەمەریکایەکان بەمانە گشتی (نارازی)بوون.لە ڕێگەی خویانەوە هەولیاندا هەموو ئەو لەشە سیاسی و ئابوریانە هەلبوەشیننەوە، واتە هەلشیلانەوەی کومپانیە پترۆلیەکان و سنوری دەولەتە زۆلە دروەستکراوەکان.

یەکەم ململانیە لە سەر پترۆلی کوردستان لە نیوان ئینگلیز و ئەلمانیەکاندا بوو.کە ئەڵمانیا جەنگی جیهانی یەکەمی دۆراند و بەشی پترۆلی کوردستانیشیان لە تەکیا دۆراند.گرفتەکە لە نیوان ئینگلیز و فرنساویەکاندا مایەوە وەلیٚ دبلۆماسیەتی ئینگلیزی هیندە زرنگ بوو توانی بە سەر فرنساویەکاندا زالببی و لە ١/ دیسەمبەری / ١٩١٩ دانیشتنیك لە نیوان سەرۆك وەزیرانی بەریتانی لوید جۆرج و سەرۆك وەزیرانی فرنسی کیلمنصوٚن لە سەفارەتی فرنسی لە لندن سازدراو لەم رۆژەدا فرنساویەکان پترۆلی کوردستانیان لە دەستدا ٢*.ئینگلیزەکان لە ژیر ڤشاری ئەمەریکایەکاندا خویان بۆ نەگیرا ناچار وەك هاوبەشیك لەیەکەم کومپانیای پترۆلی عیراقیدا پەسەندیانکردن.بەم شیوەیە بۆ یەکەمجار ئەمەریکا توانی چنگی لە بەشیکی پترۆلی کوردستان گیربکات.ئەمەریکایەکان لە سالی (١٨٩٩)ە وە خەو بە پترۆلیٚ کوردستانەوە دەبینن، لەم ساڵەدا سەرۆکی ئەمەریکی و کومپانیای پترۆلیٚ (ستاند ئۆیل).(کۆلبی شستر)کە عمیدیکی خانەنشین بوو لە سەفارەتی ئەمەریکی لە ئەستەنبول کاریدەکرد و بەناوی کۆمەکی لیقەوماوە ئەرمەنیەکانەوە ناردیان بۆ لای سولتانی عوسمانیەکان وەلیٚ لە چاوپیکەوتنەکەدا هەر لە سەرتاوە (شستر)هەموو گفتوگۆکەی تەرخانکرد بۆ برواوەرگرتنی سولتان و ریگەدانی ئەمەریکایەکان بۆ بەدەستهینانی پترۆلی کوردستان * ٢.وەکی نووسیم ئەمەریکایەکان کاتی خوی لە دابەشکردنی کوردستان و دروستکردنی عیراق بەم شیوەیە ڕازی نەبوون، بویە سالی ١٩٥٧ پیش کودەتاکەی قاسم (C.I.A)لە بیروتەوە پەیوەندیان بە بەریز بابە علی کوری شیخ مەحمودی نەمرەوە وەك کەسایەتیکی ناسراوی کورد کرد و هانیاندا راپەرینی بسازینی و داواکەی شیخ مەحمودی نەمر باوکی بۆ (دەولەتیکی کوردی)زیندوو بکاتەوە، ئەمان واتە ئەمەریکیکان بە چەك وپارە و دبلۆماسی کۆمەکی دەکەن.وەلی بابە علی چونکە هەستی نەتەوایەتی وەکی شیخی نەمر نەبوو، هەوالەکەی رووبەرووی جلال تالەبانی کردەوە و تالەبانیش وەك هەرزەکاریکی چەپی ئەو سەردەمە ئەم نەخشە ئەمەریکایەی بە نەخشەیەکی ئیمپریالیزم و دابەشکردنی نیشتمانەکەی (عیراق)داناو لەم باریەوە نامەیەکی بۆ بەرزانی لە رۆسیا نووسی.گیرانەوەی ئەم چیرۆکە میژوویە تەنیا لە بەر ئەوەیە کە دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی بۆ ئەمەریکایەکان نەخشەیەکی نوی نیە وەلی ئەمە ئەوە ناگەیەنیت کە ئەمەریکا لە پیناوی سەرفرازی کوردا سەربازی خویدەدا بەکوشت.نە ئەمەریکا و نە هیچ سەرمایەداریك هاورییانە مامەلە لە تەك کیشەکاندا ناکەن بەلکو بەرژەوەندیان هەیە.بەرژەوەندی ئەمەریکی جگە لەوەی کوردستانیکی خاوەن ١٤، ١ بلوین تەن پترۆلی دەکەویتە کەنترولیەوە.خاکی کوردستان دەکەویتە نیوان کەنداوی فارسی و ئازربایىنجانەوە کە ئەم دوو ناوچەیەش لە ژیر کۆنترۆلی ئەمەریکایەکاندان (لە سالی ١٩٤٤و بەپیی ریکەوتن



www.kurdistannet.org

نامەیەکی نیوان ملك عبدالعزیز و سەروکی ئەمەریکی لە١٠٠٪ پترۆلی سعودیە درا بە (نیوجیرس، سۆکۆنی، سۆکال، تکساکۆ)ئارامکۆ، لە سالی (١٩٩٧)یشدا بە پی ریکەوتنامەی نیوان علی ئفی سەروکی ئازربایینجان و کیلنتۆن پترۆلی ئازربایىنجان درا بە ئەمەریککان ٣* سەرۆکی کومپانیای پترۆلەکەش جیگری سەرۆك کۆماری ئەمەریکی ئیستا و کۆنە وەزیری بەرگری کۆنی سەردەمی بۆش (باوك) (ریشارد تشینی)یە.(جۆرج بۆش (باوك)پیش ئەوەی ببی بە سیاسی و سەرۆکی و (A ،I ،C)سەرۆکی کومپانیای پترۆلی تکسانیا بوو جۆرج بۆش (کور و سەرۆك کۆماری ئیستا ئەویش پەروەردەی هەمان قوتابخانە و ئیستراتیجیتی باوکیەتی کە ئیستراتیجیتی پترۆلییە.کاتیك قاسم (١٩٥٨)کودەتاکەی لە عیراقدا کرد کەسایەیتی ئەم ئەفسەر بۆ ئەمەریکاییەکان ئاشکرا نەبوو بۆیە لە هەمانکاتدا سەرۆکی ئەمەریکی (ایزنهاور)سوپای ئەمەریکی خستە دۆزی پەلامادانی خیرای و چەند کەشتیەکی سەربازیشی بەرەو دەریای سپی ناوەراست نارد.لەوساتەدا جمال عبدالناصر لە مۆسکۆ دەبیت و خرۆشۆف تکا لە ناصردەکات هەولبدا ئەم کودەتایە بە ئارامی بشکیتەوە، بیر لەوە نەکەنەوە بەپشتی ئیمە لەگەل ئەمەریکادا بچنە جەنگەوە.ئەمە لە لایەکی تر گەر سەیری نەخشەی ناوچەکە بکەین دەبینین خاکی پیرۆزی کوردستان دەکەویتە نیوان ئەم دوو ناوچە پر پترۆلیەوە (سعودیە وئازربایینجان)کە بۆ ئەمەریکایەکان وەك خوین وایە بۆیە گرنگی خاکی کوردستان بیجگە پترۆلەکەشی تایبەتیە بۆ گریدانی دووجەمسەر و سەرچاوەی وئابوری و سیاسی ئایندەی ئەمەریکی گویزانەوەی پترۆلەکەی لە ئازربایینجانەوە بۆ دەریای سپی هەیە.

## ریگەی گەیشتنی پترۆل

چۆن دەرهینان و نرخی پترۆل رۆلی گەورە دەبینیت ئاواش چۆنیەتی و ریگەی گویزانەوە و دلنیایی گەیشتنی رۆلی مەزن دەبینی.بۆ گۆیزانەوەی پترۆلی ئازربایینجان تا ئەوروپا پینج ریگە هەیە.

١) باکۆ ---- نۆفۆرۆسیك (چیچانیا)دەریای رە ش (رۆسیا)
٢) باکۆ ---- سوپسا یان بالحوم دەریای رەش (جورجیا)
٣) باکۆ ---- جورجیا --- جیهان دەریای سپی (سەروی تورکیا)
٤) باکۆ---- تا دەریای فارسی (ئیران)
٥) باکۆ---- ئەرمینیا --- جیهان (باکوری کوردستان)

لە ئازربایینجانەوە بۆ بەندەری جیهانی تورکی رۆژانە ٧٠٠، ٠٠٠ هەزار بەرمیل واتە ١٠٠، ٠٠٠ تەن پترۆل تیدەپەری.ئەمەریکایەکان بۆ گرفتی ریگا لە نیوان ریگاکانی روسیا و چیچانیا و جورجیا و ئیران و کە بۆ هاوسەنگی سیاسی ئەمەریکی نەگونجاوە و سەروی تورکیاش لە بەر ئەوەی ناوچەیی بوومەلەرزەییە ناوچەی باکوری کودستانیان بە پوختەترین و ئاسانترین وهەرزانترین ریگە دانا (ئەگەر)ئارامی سیاسی ناوچەکە لە باوەشبگریت.بۆ پاککردنەوەی ئەو ریگایە کلینتۆن داوای لە تورکیا کرد چاویك بە گرفتی کوردیدا بخشینی کۆمەکی باشوری کوردستانیش بکات ٤ بەداخەوە لەوساتەدا ئاوزانی سیاسی کوردی و دبلۆماسی ئیفلیجی (پیکاکا)بە هەلەیەکی ساویلکانەدا تیپەری لە جیاتی دیالۆگیکی سەردەمانە هەرەشەیان لەو پرۆژەیە کرد و بۆیە ئەمەریکیکان لە فراندنی ئۆجلاندا و لاوازی بزوتنەوەی چەکداری باکوردا هاوشانی تورکیا بوون.بۆ بەستنەوەی ئەم سیٚ چەمسەرە بەرژەوەندیە ئەمەریکیە (سعودیە، کوردستان، ئازربایینجان)دەبی ناوچەکە ئارام بیت.کوردستانیش وەك خاك و وەك سامانی زۆری پترۆلی بە بیٚ دامەزراندی دەسەلاتیکی کوردی بە هیچ شیوەیەك ئاشتی تیا سەقامگیر نابیٚ و ئەمەریکایەکان پیان وایە و راستیشە دەسەلاتی کوردی بە باشترین ئەلتەرناتیفی دەسەلاتی تری ناوچەکە دادەنین، زگنالی (١١)سال مۆلەتیش بە کورد لە لایەن ئەمریکا و ئینگلیزە وتەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە.تورکیاش لەم راستیە باش گەیشتوە بۆیە پەرلەمانی تورکی لە رۆژی ٨/٢/ ٢٠٠٢ بە زوربەی دەنگ چاکسازیان لە یاساکان و ریگەی ئازادی میدیا و زمانی کوردیان کرد.٦* بە پیی بچونی سیناتۆری کۆماریەکان ( (جاك هیگل)لە کاتی رمانی صدامدا دەبی بۆ ماوەیەکی زۆر کە رەنگە لە ١٠ سال زیاتربی نزیکەی ٥٠، ٠٠٠ سەربازی ئەمەریکی لە کوردستان و عیراقدا بمیننەوە، ئەمەشیان شانسیکی گەورەی میژووی یە دراوە بەکورد بەهوی ئەم هیزەوە نە سوپای تورکی و نەسوپای عیراقی ناتوانن دەست لە کورد بوەشینن، ٧* دەکری لەسەرەتادا و دوای رمانی صدام راستەوخۆ باس یان دەولەتی کوردی ئاشکرا نەکری وەلی هەر ئەوەندەی دەسەلاتی کوردی وبە تایبەتی دەسەلاتیکی مۆدیرنی کوردی لە شیوەی (پەرلەمان)و جەختکردن بە ریگەدانی کورد بۆ بریاردان لە سەرچارەنووسی خوی بە ویستی خۆی دەولەتی کوردی دیتە بوون.



www.kurdistannet.org

لیرەدا پرسیاریکی زۆر گرنگ یەخەی هەموو خاوەن ویژدانە جوانەکانی کورد و هەموو تویژو چین و تەوژمە هزەریەکانی کۆمەلگای کوردی دەگریت.دوای ئەو هەموو سوکایەتیە بە دریژای میژوو بە مرۆڤی کورد و کەرامەتی مرۆڤایەتی کراوە، لە دوای رمانی رژیمی عیراقەوە چۆن هەلس و کەوت بکەین ؟ چۆن بتوانین بەرژەوەندیمان سەروەری نەتەوایەتیمان سامانی سرۆشتیمان پترۆڵ تیکەلاوی بەرژەوەندی زلهیزیکی وەکی ئەمەریکا بکەین ؟؟؟ ئەنفال، میژوویەکی خویناوی سووکایەتی لە یادنەکەین.مادامیکی ئیمە بەبیّ ویستی خۆمان و بە تۆپزی لە وولاتیکی (زۆڵ)عیراق مارەبراوین.لە کاتی ئازادیماندا دەبیّ ئەو (نامەمارەبڕاوە)بکەین بە سووتوو ئەمەش ناکری بە گری پیرۆزی بابە گورگوڕ نەبیّ.چۆن؟؟

١)پەرلەمان..سلاو لەو نیزیك بوونەوەی یەکیتی و پارتی و چەپکە گولی ئافەرین وریز بۆ سنگی میژووی ئەوانەی خەباتدەکەن بۆ دارشتنی بناغەی پەرلەمانیکی یەکگرتووی نیشتمانی کوردی وەك نوینەری راستەقینەی خەلکانی کوردستان.پەرلەمان روویەکی مۆدیرن و هیزیکی سەردەمە بۆیە هەرچی لە پەرلەمانەوە بریاری لە سەر بدری لە ئاستی جیهاندا ریزی لیدەگیریت تا زووتر ئەم پەرلەمانە سەقامگیر بیت چاکە.دەسەلاتی کوردی وەك دەولەت دەژمیریت.

٢)یەکیتی هیزەکانی پیشمەرگەی هەردوو پارتەکە لە ریکخراویکی سەربازی مۆدیرندا (سوپای ئازادی کوردستان)بە جل و بەرگیکی مۆدیرن و سمبۆلی کوردیەوە چونکە هەمیشە هیزی میلیشیا ئەو ریز وشەرعیەتەی نیە کە (سوپا)هەیەتی.

٣)خۆ ئامادەکرنی ریکخراوەکانی ماڤ مرۆڤی کورد و بەیارمەتی وریکخراوە مرۆیەکانی جیهان، لە کاتی رمانی رژیمدا بە پەلە دەست بە پاککردنەوەی ناوچە پترۆلیە کوردیەکان لە عەرەبەکان بکریت و گەرانەوەی دانیشتوانە رەسەنەکانیان.چونکە بە کەنترۆلکردنی پترۆلی کوردستان لە لایەن کوردەوە، کورد دەبیتە خاوەنی گرنگترین چەکی سەردەم.

٤)تیکەلاونەکردنی گرفتی شارە پترولیە کوردیەکان لەگەل گرفتەکانی عیراقدا دورخستنەوەی لە (چەق)بغداد و ئۆپۆزسیونی عیراقی چونکە جیاوازی نیوان (صدام)و ئۆپۆزسیون دیالۆگە نە ناوەرۆك.

سەرچاوەکان..

١)Mit der Ölwaffe zur weltmacht ; f.William Engdahl

٢)بەلگەنامەی کۆری وەزاری بەریتانی ژمارە ١٤ /١١٦ ی سالی ١٩١٩

٣)الوفاق العدد ٢٤٤ ١٩٩٦

٤) Der Spiedel Nr 41 1997

٥) الزمان العدد الخامس ٢٠٠٠

٦) رۆژنامەی Frankfurter Rundschau Nr 178 3/8/2002

٧) گۆڤاری Der Spiegel Nr 32 2002

www.kurdistannet.org